کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:38 2007-4-23

## لێدوانەکانی کورد و نائارامی کوردستان ... ئیبراهیم بالیسانی

دوای تێپەربوونی شانزە ساڵ بەسەر ڕاپەرین و پانزەساڵ بەسەر پێکهێنان و دروستکردنی حکومەتی هەرێم، تا ئێستە هیچ ولاتێك بەرەسمی دانی نەناوە بەهەبوون و ناساندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم. ئەو دوو ناوەند وەك دەسەلاتی حکومەتی کوردی!بێگومان نەك هەر ولاتانی دونیاو دەوروبەر دانیان بەوە نەناوە، بەلکو دوای پرۆسەی ئازادی ئێراق وجارێکی تر پێکهانی پەرلەمان و حکومەتی نوێی ئێراقی فیدراڵ، گروپ و کەسایەتیەسیاسیەکانی ئێراقیش ئەوانەی کە پێشتر کاری سیاسی وشوێنی نیشتەجێبون و داڵدەدانیان کوردستان بوو ئەوانیش بەرەسمی داننانێن بەحکومەتی کوردی!واتە ئەوانەی کەرووبەروو وەعدو بەڵێنیان ئەداو دەیان ووت:پێویستە کورد لەو هەرێمەی کەهەیەتی سەربەخۆبی، کەچوونەوە بەغدا نەك هەرپەشیمان بوونەوە بەلکو دژایەتیشیان کردین و دەکەن!!ئەوەش بۆ لەباربردنی حکومەتی کوردییە.



واتە ئێمە تەنیا خۆمان دلّمان بەو ئەزمونە خۆشەوپارێزگاری لێدەکەین کەچی لای دەرەوە ئەو ئەزمونە بەگەورەی سەیرناکری!!دەنا چۆن دەشی و دەکری؟

* وەفدێکی کۆنگرێسی ئەمریکی (بیکەر-هاملّتۆن) بێنە ئێراق و پرۆژەیەك گەلالە دەکەن سەبارەت بەسیاسەتی داهاتوی ئەمریکا و ئایندەی ئێراق کەچی نەپرس بەکورد دەکری و نەدێنە کوردستان!

* وەفدێکی پەرلەمانی تورکیا بەکوردستاندا رەتدبی و دێنە کەرکوك کەچی نەپرس بەکورد دەکری و نەحکومەتی کوردییش ئاگادارە!

*ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەناو هەولێر ئەنجام دەدری، کەچی دەزگاکانی ئەمنی خۆمان پێینازانن!

*بۆچەندین جار سوپای تورك سنورەکانی کوردستانی بەزاندوو هێرشی نەك هەربۆسەرهێزەکانی (PKK) دەست پێکرد، بەلکو توانی شەریش دژی هێزەکانیپێشمەرگەبکات!!!نمونەو بەڵگە زۆرن سەبارەت بەتەدەخولی هێزەکانی ولاتانی دراوسی و دوور بۆسەر هەرێمی کوردستان. نەخشەو پلان زۆرن سەبارەت بەتێکدانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە:ئایا ئەو کیانەی کەکورد لەباشوری کوردستان دروستی کردووە تاچەند توانیویەتی سەربەخۆیی خۆی بپارێزی و بێباکبی لەو جۆرە هەرەشەو نەخشەو پلانانە؟ئایا سەرکردایەتی کورد وەك جاری جاران تەنیا شاخەکان شك دەبا بۆپشتوانیکردن و بەرەنگار بوونەوەی هێزەکانی دوژمنان؟

بۆیە لەئاست ئەو هەرەشانەدا تەنیا قسە دەکەن و هەرەشەدەکەن لەئاست ئەو جۆرە تەدەخولانە!یا کورد بەو هێزەی کەهەیەتی دەتوانی رووبەرووی هێزێکی گەورەی وەك تورکیا کەخاوەنی نوێترین و باشترین چەکی سەردەمە بێبێتەوە. یاکورد ئەمرۆجیا لەچاو سالانی رابردوو ولاتێك شکدەبات کەپشتوانی بکات،

یا هاو پەیمانیك هەیە لەنێوان هاوپەیمانی کوردستان و ئەمریکادا. کەتا ئێستە ئەو پەیوەندیەیکەلەنێوان کوردو ولاتانی تردا هەیە دیارنیە!ئاخۆ ئەم پەیوەندیە لەسەر چ بنەمایەکە؟پەیوەندیکی هەمیشەییە یا پەیوەندیەکە پیوەندیکی چەند رۆژی و یەك دووسالیە!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:38 23-4-2007

دوای تێپەربوونی چوار ساڵ بەسەر رووخانی حکومەتی ئێراقیو پێکهنانی حکومەتی ئینتقالی. بۆچی کورد چەندە هەوڵدەدات و دەیەوی ناوچە دابراوەکان بگەرێنەوە سەرهەرێمی کوردستان، بەلام نەك هەر ئەوەی بۆنەکراوە بەلکو یاریکی دەستیبە دەستیشی پێدەکری!بریاری (140) بریارێکی گشتی و دەنگی لەسەردراوە، کەچی رۆژ بەرۆژ ئەو بریارە دوادەخری و خالەکانی نێو بریارەکە دەسکاری دەکرێن!ئەو بریارە هەرچەندە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیەکەچیئەوەتا جارێکی تر دەخرێتەوە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی. هەموو ئەو دەستی دەستیەش بۆئەوەیە بریارەکە دوابخری و جێبەجی نەکری! کوردیش دوای ئەو بریارانە دەیەوی زەخت بکات.

ئێمەی کورد لەناو ئێراقداکەنەتوانین بەئاشتی و دبلۆماسی ئەو کێشانەی کەهەمانە چارەسەر بکەین و بەمرازەکانمان بگەین. چۆن دەتوانین داوای مافی کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان بکەین؟ زەمان چیە بۆمانەوەی ئەو ئەزموونەمان؟تا ئێمە بتوانین لەو هەرێمەی خۆماندا هەرەشە لەولاتانی دەووروبەر بکەین. ئایا ئەو هەرەشانە بەپشتیوانی خۆمانە؟ یا … … … .

ئەوەتا (جۆزیف راڵستۆن) نێردراوی تایبەتی ئەمریکا بۆ دۆسەی پارتی کرێکارانی کوردستان دەڵی:تورکیا لەکۆتای ئەم مانگەدا هێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان.

کورد دەمێکە خەون بەسەربەخۆیخۆی دەبینی، بەلام ئێمە ئەمرۆ کە ئەتوانین بەو خەونەبگەین و شادبین؟بۆگەیشتن بەو خەونەش هەقە سەرکردایەتی کورد بەر لە هەر بریارو لێدوانێك پشوێکی باش و درێژ بدەن. تا ئەزموونەکەمان رووبەرووی مەترسی و هەرەشەنەبێتەوە. چونکە ئەو هەرەشانە کاریگەری خراپی دەبی لەسەر باری ئارامی کوردستان. هەروەك (مەریوان وریا قانع) دەڵی: پێکهنانی دەولەتی کوردی بەبانگەشەو لێدوانەکانی راگەیاندن و ئاشکرا دروست نابی. بەڵکو پێویستە ئامرازو پشتیوانی وزەمینەی بۆبرەخسی و لە ژێرەوە کاری جدی بۆبکری، ئینجا ئەتوانین بەئاشکرا بیدرکێنین کەدەولەتی کوردیمان دەوی. چونکە جگە لە هەرەشەکانی سەربازی، ئەو ولاتانە دێن سنورەکانمان لێدادەخەن، گرانی و قات و قری دەخەنەناو شارەکانمانەوە، خەڵکمان لێهاندەدەن، دەستی تیرۆر دەگەینەهەموو شوێنەئارامەکانی کوردستان و لەگەڵ ولاتانی دراوسێدا دەکەونە خۆ بۆ رووبەرووی هەموو جۆرە هەرەشەیەك و کۆتای هێنان بەئەزموونەکەمان.

لەلایەکی تر (م. جەلال جەوهەر) ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك) رەخنە لە لێدوانەکانی لێپرسراوانی کورد دەگرێت. وەپێی وایە ئەو جۆرە لێدوانانە زیان بەبەرژەوەنی کورد دەگەیەنی!!بەلام (محەمەدی مەلا قادر) ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پ. د. ك) پشتیوانی ئەو جۆرە لێدوانانە دەکات بەتایبەت لێدوانی (سەرۆکی هەرێم) لەئاست تەدەخولی تورکیا بۆ کەرکوك. بەهەمان شێوە کەسانی تری سیاسی و رۆشەنبیر پەیڤ و بۆچونی خۆیان لەبارەی ئەو لێدوانانە دەربری وە. بەلام زۆربەی هەرە زۆری ئەو بۆچوونانەی نوسەران زیاتر پابەند بوون بە ئینیمای حیزبیان! کەدەبوایە زیاتر پابەند بونایە بە ئیتیمای نەتەوەییەوە. چونکە ئەو هەرەشانەی کەپێشتر هەبوونەو دبن، تاکەکانی کۆمەلگای کوردی بەهەموو بیرو بۆچونەکانەوە بەر لەو هەرەشانە دەگرن. نەك تاکەکانی نێو پارتێکی سیاسی. هەمووشمان ئەوە دەزانین دروستکردن و پێکهنانی دەولەتی کوردی تەنیا بەخەبات و بۆچونی یەك پارتی سیاسی نایەتەدی. وەك چۆن لەرابردودا نەکرا!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.